# "چاوەروانیەکانم دەبەستمەوە بەشیوازی هەڵسەنگاندنمەوە"

**بورهان فەتاح**

کۆنفرانسی یەکەمی ریکخراوی دەرەوەی حیزب بەریوەیە و منیش وەك هەر بەشداربوویەکی تر چاوەروانیم هەیە وە ئەگەری بەدیهاتنی چاوەروانیەکانم دەبەستمەوە بە شیوازی هەلسەنگاندنەکانمەوە.
دیارە لەسەرەتادا ئەمەویت بلیم کە ئەگەر دوای هەر دەورانیك لە کارو فەعالییەت ( بۆ هەر ریکخراویك رەنگە مەرج نەبیت)، پیویستی هەلسەنگاندنی کارو فەعالییەتەکانی ئەو دەورەیەو دۆزینەوەی خالی لاوازی ریگر بۆ چوونە پیشەوەی ئەو ئامانجانە کە بەدی بهینریت ئەولەویەتەو، و پاشان چارەسەرکردنیان و نەهیشتنی دووبارەبوونەوەیان.
پیویستە چاویکی رەخنەگرانە بە رابردووی کارەکانماندا بخشینینەوە و ئاوریك لەو کارانە بدەینەوە کە نەمان کردووە و دەبووا بمانکردایە.
بۆ ئەوەی سیفاتی ریکخراووبون بدەین بە ریکخراوی دەرەوە، کاری تاقمی، شوورایی، و دەستەجەمعی پیویستە بە زۆرینەی بەرهەمەکانمانەوە دیاربیت، نەك تاقانە سوپر مانەکان، وە بروانیتە بەیانیەی دنیایەکی باشتر و بەپیی ئەوە هەلمانسەنگینیت دەبینیت هیشتا کورتمان هیناوە کە بلیین ریکخراوەبووین وە ئەمەش جورئەتیکی دەویت کە دانی پیابنیین.
باشتر وایە بلیم بۆ من کۆنفرانس تەنها جیگایەك نییە بۆ بینینەوەی هەموو ئەو هاورییانەی کە ماوەیەکی زۆرە یەکدیمان نەدیوە، ئەگەر بە بریاری جیددی نەگەین، وە خوودی ئامادەگییەکانیش هەر ئەوە دەگەیەنیت کە دەمانهەویت کاریك بکەین.

پیشنیاری عەمەلی بۆ من:
1- تا چەند بەرنامەکانمان بۆ کاری داهاتووی ریکخراوەکەمان بەدی دیت و مەجالی دەست بردنی بۆ هەیە تا دەستکاری بکریت لەکاتی سەرنەکەوتنی بەشیکی یان هەمووی( مەبەستم پیلانیك بۆ کاری داهاتووە).
2- دەستنیشانکردنی عاملی کات بۆ بەدیهاتنی لانی کەمی ئامانجەکانمان، باس لەهەر پرۆژەیەك بکەیت خەلکیك کە بۆی مەسەلە بیت یەك راست لیت دەپرسیت( بە چەندیك لە وەخت بە دی دەهینیت؟).
سیفاتی جیاکەرەوەی ئیمە لە بزووتنەوەکانی تر وە گرینگترینیان عیلماییەت بوون و واقیعییەت بوونە.
بە بروای من هیچ هیزیك بە جیددیمان تیناگات و حیسابی جیددیشمان بۆ ناکات ئەگەر ئیمە خۆمان حیساب بۆ کارەکانمان نەکەین.

ئومیدەوارم ئەم کۆنفراسە بەم تەرحە عەمەلییانەی خوارەوە بیتە دەر:

* قسەکردن لەسەر زەرووڕەتی کەنالیکی تەلەفیزیۆنی سەتەلایتی وە ناسینەوەی وەك زەرورەتی ئیستایی.
* کردنەوەی دەورەی ئامووزەشی بۆ پەروەردەکردنی کادر، لەسەر ئاست و مواسەفاتی مۆدرین.
*دەرکردنی رۆژنامەیەك و گەیاندنی بە ناوەندەجیاجیاکان یان هیچ نەبیت بەسەرداچوونەوەی کەم و کوورییەکانی رۆژنامەکانی مەوجوود ( بە زمانی وولاتە ئەوروپییەکانیش زەرورە).

*دەست بردن بۆ سەرلەنوی دانیشتن و تاووتویکردنی ئەوزاعەکان و جیگاو ریگای تازەی ئیمە لە ناوچەکەدا لە گەل ئەوریکخراوە چەپ و کۆمۆنیستانەی لە ئەورووپادا ماوون و کاردەکەن.

*هاندانیان بۆ بەشداری لە کارو تەرح و نەخشەی پلانەکانمان بۆ داهاتوو( کاری اینترناشنالی).
ئەمەویت بلیم کە زۆریك لە چەپی ئەوروپایی بەو خەسلەتە توونده دژی ئامریکاییانەیانەوه زۆر سەرلیشیواوبوون و دەستیان لە دەستی ئیسلامی سیاسی ناوه, کە ئەمانه هەولدان لەگەلیاندا تەنها ماندوو نەبوونیمان بۆ دەمینیتەوه, دۆزینەوەو هەلبژاردنی ئەوانەیان کە ئامادەیی کاری هاوبەش و شورشگیرانەیان هەیە,وە دروستکردنی یەك بەرەی پیشکەوتووخواز.

* کردنەوەی مەکتەبی پەروەردەیی فکری و عەمەلی بۆ پەروەردەکردنی کادر , لەگەل ریعایەت کردنی ئەو مەقولەیەی کە دەلیت ( کادر یا رابەر لە مەیدانی کاری عەمەلیدا پەروەردەو فیر دەبیت).

* هەولدان بۆ هاندان و لیدانی پرۆژەی مالی گەورە لە ئەوروپا وەك(چیشتخانه و شەریکاتی کارکردنی بچووك ) وە دانانی سەهمی لانی کەمی چارەك ئەگەر خاوەنەکەی خوودی حیزب بوو( لەگەل ریعایەتکردنی نە چەوساندنەوەی کریکارەکانی وە پیدانی کریی زۆرتر و هەلومەرجی باشتر بۆیان), وە لانی کەمی شەش یەك ئەگەر خاوەنەکەی کەسی حیزبی بوو بە کۆمەکی حیزب.

* لیکۆلینەوەو نەکردنی ئەو پرۆژانەی کە هەم بی ئاکامن و هەم دریژەمان بۆ پینادرین واتە ( مەرج نییە زۆرینەی پرۆژەکانمان بە نەتیجە بگات, گەر پرۆژەیەك بزانین تیایدا سەرکەوتوو نابین با دووجار بیری لیبکەینەوە نەیکەین یاخود استشارەی زیاتری لەسەر وەربگرین یان دوای بخەین).

بە بروای زۆرو یەقینمەوە بەوەی کە تاکەریگەی خۆشگوزەرانی بەشەرییەت بەستراوە بە گرەوی هاتنەکایەوەی سۆشیالیزمەوە, بەلام ئالەم دەورانەدا کەسەرمایەداری زۆرینەی مەیدانەکانی لیداگیر کردووین و چینەکەمانی وادار بە پاشەکشەی کاتی کردووە, ئەگەر ئیمە بەم حیزبەوە یەك کەم تەکان بۆ پیشەوە نەدەین ئەوا لە سبەینیدا وادارمان دەکەن کە بەرنامە و ناوەکەشمان بگۆرین.
لەکۆتاییدا هیوادارم کە تەرحی عەمەلیتر ببینم و ببیستم وە کاتی دانراو بۆ کۆنفرانس بەشی تاووتویکردنی زۆریك لەم بابەتانە بکات( یەك دونیا تەجاروبمان پییە کە دەرسی لیوەرگرین) وە یك دونیا سوپاس
بەنیازی دیدار